www.kurdistannet.org

# کوردستانێکی ئازاد  گەلێکی یەکسان

خوشکی بەڕێز و دڵسۆز خاتوو مەهاباد قەرەداغی .... ڕێز و سلاّوی زۆرتان ئاڕاستە دەکەین.

ئێمەی هاوبیرانی ( پاسۆك ) , بەم چەند ووشەیە بەڕێزتان و هەموو کوردێکی تێکۆشەر و دڵسۆز و هەموو دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان ئاگادار دەکەین کە فەتوادان و بەخراپ بەکار هێنانی ئایین و ئایدۆلۆژی و دەسەلاّت , دژی نووسەران و تێکۆشەران و دڵسۆزانی کوردایەتی , ئەمە ڕاستەوخۆ دوژمنایەتیکردنی بیری ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتییە و دەبێت هەمووان بە هەموو هێز و تواناmanەوە ڕووبەڕووی ئەو هەوڵ و بیکردنەوە پاشکەوتووانەی ئەو کەس و لایەنە گومانلێکراوانە ببینەوە و نەفرەتی مێژووی کوردیان لێبکەین و ئەو دەنگ و ڕەنگە ناساز و نامۆیانە لەو بەشە ئازادبووەی کوردستاندا تاوانبار و شابەدەر بکرێن . ئێمە ئەو زەنگە ناساز و مەترسیدارەی کە ئەو کەسە پاشکەوتوو و مێشك ژەنگگرتووانە بە دوژمنایەتی کردنی کورد و کوردایەتی دەزانین و تاوانباریان دەکەین و بە تابووری پێنجەم و سێبەری پاشماوەکانی بەعسیە دڕندەکانیان دەزانین , لە هەمان کاتیشدا داوا لە لایەنە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان دەکەین کە مۆڵەت و ڕێگا بەو کەس و لایەنە گومانلێکراوانە نەدەن کە ئەو بەشەی نیشتمانەکەمان لە جەماوەر بکەنە دۆزەخ و سیمای سەدەکانی ناوەڕاستی بەسەردا بسەپێنن و ببنە ڕێگر لەبەردەم هەموو ئازادی و پێشکەوتنێکی دانیشتوانی کوردستاندا , نابێت ئەو دەسەڵاتدارانە لەژێر هیچ هەلومەرجێك و بیانوو و پۆزشێکدا بەرامبەر ئەو کەس و لایەنە دواکەوتوو و گومانلێکراوانە بێ هەڵوێست بن و بۆ ئامانج و خواستە ناڕەواکانیان بچەمێنەوە. هەموو لایەنە دەسەڵادارەکانی کوردستان بەرپرسیارن بەرانبەر کاروکردەوە و بیرکردنەوەی بەعسیانەی ئەو سێبەرانەی بەعس و پارێزەرانی بەرژەوەندییە ناڕەواکانی‌دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان.

دوا ووشەمان : ئێمە وەکوو هاوبیرانی ( پاسۆك ) , ئەو دەنگ و ڕەنگە ناساز و نامۆیانە تاوانبەر دەکەین و داوا دەکەین هەموو ئەوانەی کە هەر ئایین و ئایدۆلۆژی و دەسەلاّتێك بۆ تێکدانی ئاسایش و سەروەریی یاسا و ئازادیی دانیشتوانی کوردستان , بۆ ئامانجە ناڕواکانی خۆیان بەکار دەهێنن , ڕێگایان لێبگیرێت و ڕووبەڕووی سزادانی یاسایی بکرێنەوە.

خاتوو مەهاباد خانی بەڕێز و دڵسۆز : ئێمە بە هەموو هێز و تواناmanەوە داکۆکی و پشتگیریی بەڕێزتان دەکەین لە خەبات و تێکۆشانتان , لەپێناوی ئازادی و یەکسانیی نێو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی کوردەواریدا.

سەرکەوتن هەمیشە هەر بۆ تێکۆشەران و ئازادیخوازان و و دڵسۆزانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییە.

هەر بژین بۆ کورد و کوردایەتی.

هاوبیرانی ( پاسۆك )

18.12.2003